بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقایعی کوردستان

ڕۆژنامەی ڕەسمیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە / وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٦٥) ساڵی شەشەم ١٥/ ٤ /٢٠٠٧ ی زاینی (٢٦) ی نەورۆز ٢٧٠٧ ی کوردی (٢٧)ی ربیع الاول ١٤٢٨ ی کۆچی

65

لەم ژمارەیەدا :

❁ یاسای ژمارە (١٤) ی ساڵی ٢٠٠٦ ل ١

یاسای وەزارەتی گەیاندن لە هەرێمی کوردستان–عیراق .

❁ یاسای ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٦ ل ٦

یاسای دووەم هەموارکردن بۆ یاسای وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە(٤) بۆ ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

❁ یاسای ژمارە (١٦) ی ساڵی ٢٠٠٦ ل ١١

یاسای یەکێتیی دادوەرانی هەرێمی کوردستان– عیراق .

❁ یاسای ژمارە ( ١٧ ) ی ساڵی ٢٠٠٦ ل ١٨

یاسای یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان .

❁ بڕیاری ژمارە( ٢ ) ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان – عیراق ل ٢٤

زیاد کردنی بەرێز ﴿ کریم مجید شریف ﴾ بۆ لیژنەکانی (کاروباری دارایی و ئابووری) و (کشتوکاڵ و ئاودێری ) .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان

http://dad4kurdistan.com
E-mail: waqaea@yahoo.com
www.mojkurdistan.com

ناونیشان : هەولێر باڵەخانەی وەزارەتی داد

بگۆڕ ( ٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٢٢٤٥٥٠٨ )

بسم الله الرحمن الرحيم


# وقائع كوردستان

الجريـدة الرسـمية لحكـومة أقليم كوردسـتان العـراق – تصـدرها وزارة العـدل

العـدد (٦٥) السـنة السادسة ١٥ / ٤ / ٢٠٠٧م (١٥) نەوروز ٢٧٠٧ ك (٢٧) ربيع الاول ١٤٢٨ هـ


## في هـذا العـدد :


❁ **قانون رقم (١٤) لسنة ٢٠٠٦** ص ٢٥

قانون وزارة الاتصالات لإقليم كوردستان– العراق
رقم (٤) لسنة( ١٩٩٢) المعدل .

❁ **قانون رقم (١٥) لسنة ٢٠٠٦** ص ٢٩

قانون التعديل الثاني لقانون وزارة التربية لإقليم كوردستان– العراق
رقم (٤) لسنة( ١٩٩٢) المعدل .

❁ **قانون رقم ( ١٦) لسنة ٢٠٠٦** ص ٣٣

قانون إتحاد قضاة أقليم كوردستان – العراق

❁ **قانون رقم (١٧) لسنه ٢٠٠٦** ص ٣٩

قانون اتحاد برلمانيي كوردستان

❁ **قرار رقم ( ٢ ) لمجلس الوطني الكردستان–العراق** ص ٤٤

اضافة عضو المجلس الوطنى لكوردستان – العراق ❁ كريم مجيد شريف ❁
الى لجنتى ( الشؤون المالية و الاقتصاد) و (الزراعة والرى) .



ئـــەرشيفى ڕۆژنامەى وەقايعى كـــــوردستان

www.mojkurdistan.com



http://dad4kurdistan.com
E-mail: waqaea@yahoo.com

اربيل – وزارة العدل بـدالـة ( ٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٢٢٤٥٥٠٨ )

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی كوردستانی عێراق**
**سەرۆكایەتی هەرێم**
**سـەرۆك**

پشت بەو یاسایەی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان– عیراق داینـاوەو بەپێی حوكمی مادە دە/یەكەم لە یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥، یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان– عیراق، ئەم یاسایەمان دەرچواند:

## یاسای ژمارە( ١٤ )ی ساڵی / ٢٠٠٦
## یاسای وەزارەتی گەیاندن لە هەرێمی كوردستان ـ عیراق

**ماددەی یەكەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، بۆ مەبەستی ئەم یاسایە، ماناكانی بەرامبەریانە:

**یەكەم: هەرێم:** هەرێمی كوردستان – عێراق.

**دووەم: وەزارەت:** وەزارەتی گەیاندن لە هەرێم.

**سێیەم: وەزیر:** وەزیری گەیاندن لە هەرێم.

**چوارەم: بریكاری وەزارەت:** بریكاری وەزارەتی گەیاندن لە هەرێم.

**پێنجەم: ئەنجومەن:** ئەنجومەنی راوێژكاریی گەیاندن.

### ئەركوفرمانی وەزارەت

**ماددەی دووەم:**

**ئامانجی وەزارەت ئەمانەی خوارەوەیە:**

**یەكەم:** دابینكردنی ئیدارەو وەگەڕخستن و پارێزگاری و گەشەپێدانی ئامێرەكانی بەدداڵەو تۆڕەكانی هێڵی تەلەفۆنی تەلدارو تەلەفۆنی گەرۆك وئامرازەكانی تری گەیاندن لە وێستگەكانی هەرێمدا بە قەوارەی گونجاو.

**دووەم:** بنیادنان و رێكخستن وگەشەپێدانی گەیاندن، بە بەكارهێنانی تەكنۆلۆجیای نوێ وكێبڵی رووناكی و دەزگای پێكەوەبەستنی دەرەكی لە نێوان شارەكانی هەرێم و پارێزگاكانی عێراق و، بەستنیشیان بە جیهانی دەرەوە بەپێی كەڵك و سوودو پێداویستی.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**ســــێیەم:** بنیادنــان و ڕێکخــستن و گەشــەپێدانی بنکــەکانی پۆســتەو، دەرکردنــی پــوولی پۆســتەو، پێشکەشکردنی خزمەتی پۆستەکاری بەبەکارهێنانی سیستەمی پۆستەی خێراو پێشکەوتوو لەشارەکانی هەرێمدا، بەجۆرێ کە هەموو هۆیەکانی گەیاندنی پۆستەیی تێدا فەراهەم بێت.

**چوارەم:** بنیادنان و ڕێکخستن و گەشەپێدانی تۆڕەکانی زانیاری و ئینتەرنێت لەشارەکانی هەرێمدا.

**پێنجــەم:** ڕێکخستنی لەرەلەر(الترددات) ی بەکارهێزاو لە سیستەمەکانی گەیاندنی دەنگ وڕەنگدا بەکاردەهێنرێن.

**شەشــەم:** مۆلەنـدان بـە هـەموو دەسـگاکانی(المرافـق)تایبـەت بـە گەیانـدن و پۆسـتە لـە کۆمپانیـا وەبەرهێنـەکانی نـاوخۆو دەرەوەدا. هـەروەها سەرپەرشـتێتکردن و بەدوواداچـونیان، ئـەوەش بەپێی هەنـدێ ڕێککاری وگرێبەسـتی یاسـایی کـە نێـوان وەزارەت و کۆمپانیـا وەبەرهێنەکانـدا ئەنجام دەدرێ. وەزارەتیش، ناشێ هیچ مەرجێك لـەو کۆمپانیانـە قبـوڵ بکـات کەببێتـە مایـەی قۆرخکاری.

## پێکهاتەکانی وەزارەت

**ماددەی سێیەم:**

**یەکەم:** **وەزیر:** سـەرۆکی بـاڵاو ، بەرپرسـی ئـیش وکـارو ئاڕاسـتەکردنی سیاسـەت وسەرپەرشـتیکردن و چاودیری وەزارەتەکەیەو، هەموو بڕیارو فەرمان ورێنماییەکیش کە پێوەندییان بە ئەرکوفرمان و پێکهاتەو سەڵاحییات و کاروباری دیکەی هونەری ودارایی وئیداری ورێکخستنی وەزارەتەکـەوە هەیە، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، لەوەزیرەوە دەردەچن و، وەزیر لە بەردەمی ئەنجومەنی وەزیراندا بەرپرسە، چونکە خۆیشی ئەندامێکی هاوکاری ئەو ئەنجومەنەیە وبۆی هەیـە هەنـدێ لەدەسـەلاتەکانی بـە بریکـاری وەزارەت یـان بەرێوەبەرەگشتیەکان یـان ئەوکەسـەی بەچـاکی دەزانێ بدان.

**دووەم:بریکاری وەزارەت:** لە چوار چێوەی ئەو دەسەڵاتەیدا کە پێی دەسپێردرێ یاریدەی وەزیـر دەدات ، لە ئاراستەکردنی وەزارەت و سەرپەرشتیکردنی کاروبارەکانیدا.

**سێیەم: نووسینگەی وەزیر:** فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ، ژمارەیێ فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

**چوارەم: نووسینگەی بریکاری وەزارەت:** فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ، ژمارەیێ فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

**پێنجەم: راوێژکارەکان:** لە چوارکەس زیاتر نابن، مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆیان هـەبێ و، خـاوەن ئەزموون و کارامە بن.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری بەڕێوەردن ودارایی**: بەڕێوەبەرێکی گشتیی سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و، خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ بێت.

**حەوتەم:بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خزمەتگوزاریی پۆستەو پاشەکەوتکردن**: فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ وخاوەن ئەزموون پسپۆڕ بێت.

**هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلاندانان و بەدواداچوون**: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و ، خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ بێت.

**نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی گەیاندن**: بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و ، خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ بێت.

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم**: لەوەزارەتدا ئەنجومەنێکی ڕاوێژکار پێك دێت بەناوی(ئەنجومەنی گەیاندن) بەسەرۆکایەتیی وەزیر، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- **بریکاری وەزارەت:** جێگری سەرۆکە.
٢- **بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری بەڕێوەبردن ودارایی:** ئەندام.
٣- **بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی گەیاندن:** ئەندام.
٤- **بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانان و بەدواداچوون:** ئەندام.
٥- **بەڕێوەبەری کاروباری یاسایی:** ئەندام.
٦- **ڕاوێژکارانی وەزارەت:** ئەندامن.
٧- **ئەندامێك، یان زیاتر،** وەزیر لەناوەوە، یان لەدەرەوەی وەزارەتەکە دەیپاڵێوێ.

**دووەم**: ئەرکوفرمانی ئەنجومەن:

١- ئامادەکردن و داڕشتنی ئامانجە گشتییەکانی پلانەکانی وەزارەت لەبەر رۆشنایی ڕێنماییەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.
٢- گفتوگۆکردن لەسەر پلانە سەرەتاییەکان کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلاندانان و بەدواداچوونەوە ئامادە کراون لەسەر رۆشنایی ئەو پلانانەی کە لەلایەن پێکهاتەکانی وەزارەتەوە پێشکەش کراون، وبڕیاری سەرەتاییان لەسەر دەداو بەدوای جێبەجێکردنیان دەچێ.
٣- پێشنیازکردنی پلانە گشتییەکانی گەیاندن و بەرنامەکانی وەگەڕخستن وخستنەبازاڕ ودارایی و ئابووری.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

٤- گفتوگۆکردن لەسەر ڕاپۆرتی خولاوخولی گشتیی( الدوری العام) وەزارەت کە نووسینگەی پلاندانان و بەدواداچوون ئامادەی دەکاو، ئنجا هەر تێبینی وڕێنماییەکیش لەو بارەیەوە، بەباشی بزانێ دەیخاتە ڕوو.

٥- لێکۆڵینەوەی ئەو پرۆژەو یاساو پێڕۆو ڕێنماییانەی کە پێوەندیان بە ئیش و کارو ئامانجەکانی وەزارەتەوە هەیە، ئنجا هەر تێبینی و ڕێنماییەکیش لەو بارەیەوە بەگونجاوی بزانێ دەیخاتە ڕوو.

٦- لێکۆڵینەوەی هەر بابەتێك کە وەزیر بیخاتە رووی، رای خۆیشی لەسەر دەداو، پێشنیازو ڕاسپاردەی لەباریشی لەسەر پێشکەش دەکات.

٧- سەرپەرشتی کردنی کەرتی گەیاندن بەهەردوو تای گشتی و تایبەتیەوە.

٨- کردنەوەی پەیمانگاو خولی پێگەیاندن (تأهیل)و ئامادەکردنی پسپۆڕ لەبواری گەیاندن و تەکنیکی زانیاریدا، بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پێوەنددارەکاندا.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم:** ئەرکوفرمان ودەسەڵاتە تایبەتمەندەکانی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پێڕۆ دیار دەکرێن .

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە ،ڕێنمایی پێویست،بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەر بکات.

**سێیەم:** وەزیر بۆی هەیە، بەڕێوەبەرایەتی و بەشەکانی وەزارەت، بەپێی پێداویستی کارەکانیان، بکاتەوە یان یەکیانبخات، یان پوچەڵیان بکاتەوە.

**ماددەی شەشەم:**

هەر دەقێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ ، کاری پێ ناکرێ.

**ماددەی حەوتەم:**

پێویستە لەسەر وەزیرەکان و، لایەنە پێوەنددارەکان ، حوکمەکانی ئەم یاسایەجێ بەجێ بکەن.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێ و، لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان )دا بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عیراق**

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان

لە رۆژی ( ٢٠٠٦/١١/٢١)ی زایینی لە هەولێر دەرچووە

بەرامبەر ٣٠/ گەلاڕێزان /٢٧٠٦ ی کوردی

www.mojkurdistan.com

## - هۆكارەكانی دانانی ئەم یاسایە -

لەبەر ئەوەی كە لە هەرێمدا وەزارەتی گەیاندن، تازە دانراوەو، لە پێناوی بنیادنان و رێكخستن و پەرەپێدانی تۆڕی گەیاندندا بە بەكارهێنانی تەكنۆلۆجیای نوێ و ئەو لەرەلەرانە( الترددات)ی لە سیستەمەكانی گەیاندنی دەنگ و ڕەنگدا بەكاردەخرێن و، بۆ ئەوەش كە ئەوكارانە زامن بكرێن و، بەرپرسێتیی گەیاندنیش بە وەزارەتێكی تایبەت بسپێردرێت لە هەریمدا، لەبەر ئەوە، بەپێویست زانرا، یاسایەك دابنرێ كە پێكهاتەو ئەركوفرمان و ئامانجەكانی ئەم وەزارەتەو بەڕێوەبەرایەتیەكانی دیار بكات، جا، بۆ وەدی هێنانی ئەوانەی سەرەوە، ئەم یاسایە دانرا.

ئـــــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی هەرێم
ســەرۆك

یاسای دووەم هەموارکردن بۆ یاسای وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی
کوردستان – عێراق ژمارە(٤) بۆ ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە برگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١٨)ی رۆژی (٢٠٠٦/١١/٠٦) ی خۆیدا کردویەتی بریارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٦
## یاسای دووەم هەموارکردن بۆ یاسای وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە(٤) بۆ ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو

**ماددەی یەکەم:**

برگەی (٦) لە ماددەی(یەکەم)دا هەڵدەوەشێنرێتەوە.

**ماددەی دووەم:**

برگە(٣) لە ماددەی دووەم هەمواردەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

(وەزیر، چەند راوێژکارێکی دەبێ، نابێ ژمارەیان لە چوار زێتر بێ. لە بەرێوە بردنی کاروباری وەزارەت، و جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی تەکنیکی و پەروەردەیی دا یارمەتی دەدەن، بەمەرجێك هەلگری بروانامەی سەرەتایی زانکۆو شارەزاو پیادەکاربن).

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی سێ یەم هەڵدەوەشێنرێتەوەو، ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:

(ئامانجی وەزارەت:–پێگەیاندنی نەوەیەکی خوێندەوارو هۆشیارو نیشتمان پەروەرو، دەستپێك بە بیرکردنەوەی زانستی و، گۆشکراو بە زانست ومەعریفەو ئاکاری باش ولە خۆگر بۆ دەرهاوێشتەکانی پەرەسەندنی شارستانی و، زانا بە مافەکانی مروڤ و، برِوادار بە سەرەتاکانی دیموکراسی وهاووڵاتی بوون وئەرکەکانی و، تێگەیشتوو بۆ سەربەستی وبەرپرسێتی لە کەمەرەی کۆمەڵگەداو، فەراهەمکردنی هەوڵی فێربوون بۆ هەرکەسێك ئارەزومەند بێ یان پێویستی پێی هەبێت).

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی چوارەم:**

بڕگەی (٤) لە ماددەی چوارەم هەمواردەکرێ و، بڕگەیەکی دیکەش بۆ ماددەکە زیاد دەکرێ و دەبێتە بڕگەی (٥) و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

٤- زمانەکانی تورکمانی وسریانی وئەرمەنی دەکرێت بە زمانی فێرکردن لەو ناوچانەدا کە ئەوانەی بەم زمانانە دەدوێن چرییەکی نیشتەنی پێك دەهێنن، بە پێی بەندو بەستی (ضوابط)پەروەردەیی، بەمەرجێك فێرکردنی زمانی کوردی وعەرەبی ئیلزامی بێت.

٥- گۆرینی بەرنامەکانی خوێندن، بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن بە پێی داخوازیەکانی سەردەم، بە جۆرێك لەگەڵ سیاسەتی پرۆسەی پەروەردەیی وپەرەپێدان، لە هەرێمی کوردستان گونجاو بێت.

**ماددەی پێنجەم:**

هەردوو بڕگەی (١)و(٤) لە ماددەی پێنجەم هەمواردەکرێ وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

مسۆگەر کردنی ئامادەکاری و پێگەیاندنی مامۆستا و وانەبێژان وسەرپەرشتیارە پەروەردەییەکان وبەرپرسانی بەرێوەبردنی فێرکاری و سەرپەرشت و مەشق پێکردنەوەیان لە کاتی خزمەتدا و، بە توانا کردنیان لە گەشەسەندنی پیشەیی و زانیستیداو، پشتگیری لە پلەوپایەیان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و وەزارەتە پێوەندیدارەکاندا.

٤- گرنگیدان بە پەروەردەی ئاینی و رەوشت، بە پێی بنەماکانی لێبوردەیی وهاوکاری و ڕاستگۆیی و دلسۆزی، بە گوفتار و بەکردار.

**ماددەی شەشەم:**

ماددەی نۆیەم هەڵدەوەشێنرێتەوەو، ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:

وەزارەت، پۆڵ وقوتابخانە، بە پێی شێوازی زانستی نوێ دادەمەزرێنێ بۆ چاودێریی:

أ- ئەوانەی خاوەن پێویستیەکانی پەروەردەیی تایبەت.

ب- سەرکەوتووەکان وبەهرەداران(الموهوبين).

**ماددەی حەوتەم:**

ماددەی بیست ویەك هەمواردەکرێ وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

پێکهاتەکانی ناوەندی وەزارەت پێك دێت لە:

١. نوسینگەی وەزیر.
٢. نوسینگەی بریکاری وەزارەت.
٣. بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان.
٤. بەرێوەبەرایەتی گشتی بەرنامەکان وشێوازەکانی فێرکاری وچاپەمەنی یەکان.
٥. بەرێوەبەرایەتی گشتی چالاکی وەرزش وهونەر.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

٦. بەرێوەبەرایەتی گشتی باخچەی ساوایان وخوێندنی سەرەتایی.
٧. بەرێوەبەرایەتی گشتی ڕاست کردنەوەو تاقیکردنەوەو بڕوانامەکان.
٨. بەرێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی دواناوەندی وپیشەیی یەکان.
٩. بەرێوەبەرایەتی گشتی پلان دانانی پەروەردەیی.
١٠. بەرێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی تورکمانی.
١١. بەرێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی سریانی.
١٢. بەرێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگەکان ومەشق کردن.
١٣. بەرێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتکردنی پەروەردەیی.
١٤. بەرێوەبەرایەتی گشتی بینایە وکارگەکان.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەمەی خوارەوە دەخرێتە سەر دواوەی ماددەی بیست ودووەمی هەموارکراوو، دەبێتە بڕگەی(٥) لە ماددەکە:

٥-أ- وەزیر بۆی هەیە ڕێکەوتن لەگەڵ شارەزایانی عێراقدا ببەستێ.

ب- وەزیر بۆی هەیە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕێکەوتن لەگەڵ بیانی یەکان یان کۆمپانیاکان دا ببەستێ کەڵك لە ئەزمونیان وەربگیرێ لەو بوارانەدا کە خۆی بە پێویستی دەزانێ، یان پێویستیان بە خزمەتگوزاری یەکانیان هەیە.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم ماددەیەی خوارەوە بۆ یاساکە، دووبارە بە زنجیرەی ماددەی بیست ودووەم زیاد دەکرێ و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

**ماددەی بیست و دووەم (دووبارە)**

**یەکەم:** وەزارەت بە پێی پێڕۆ پەیمانگەکانی مامۆستایان وهونەرەجوانەکان ومیوانداری (الفندقە)و گەشتوگوزارو ئیدیکەش دەکاتەوە.

**دووەم:** خوێندنی پیشەیی ولقەکانی بە پێڕەو ڕێك دەخرێت.

**ماددەی دەیەم:**

ئەم ماددەیەی خوارەوە بۆ یاساکە، دووبارە بە زنجیرەی ماددەی حەوتەم زیاد دەکرێ و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

**ماددەی حەوتەم (دووبارە)**

دەشێ ماوەی خوێندن، بە گواستنەوە بۆ پۆلیكی بەرزتر کورت بکرێتەوە. هەموو کاروبارێکی گواستنەوەش بە ڕێنمایی دیار دەکرێ.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی یانزەم:**

ئەم ماددەیەی خوارەوە بۆ یاساکە دووبارە بە زنجیرەی ماددەی بیستەم زیاد دەکرێ و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

**ماددەی بیستەم (دووبارە)**

پێویستە، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە، ئەم خەسڵەتانەی خوارەوەی تێدا بەدی بکرێت:

أ- دەبێ بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆی بە دەست هێنا بێ و، خزمەتیشی لە پەروەردەدا، لە(١٥) ساڵ پتربێ.

ب- بە کەسایەتی بەهێزو دەست پاکی وناوبانگی باش ناسراوبێ ولە نێو ئەندامانی دەستەی وانە بێژان ومامۆستایاندا شارەزاو بەتوانا بێت.

**ماددەی دوانزەم:**

وەزیر، بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ساناکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی سیازدەم:**

کار بە هیچ دەقێك ناکرێ، لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێت.

**ماددەی چواردەم:**

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکان، حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی پانزەهەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێ و، لە ڕۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عیراق**

هەولێر
٢٣/گەلاڕێزان/٢٧٠٦ کوردی
١٤ /١١/ ٢٠٠٦ ) ی زایینی
٢٣ /شەوال/١٤٢٧ ی کۆچی

ئـــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**- هۆكارەكانی دانانی ئەم یاسایە -**

بە هاو ڕا لەگەڵ ئامانجەكانی ئەم قۆناغەدا، كە گرینگیدانی شایستەی بە كەرتی پەروەردەوە، پێوەدیارە، تا بە شێوەیەكی كارا لە بزاڤی پەرەسندن وپێشكەوتن دا، كە هەرێمی كوردستان دەیبینێ، بەشداری بكاو، وەزارەتی پەروەردەش توانستی پێ بدرێ شان بە شان لەگەڵ پەرەسەندن وپێشكەوتنی زانستی و شارستانی دا پێ هەڵگرێ وئامانجەكانی ئەم وەزارەتە زامن بكرێ و، بۆ وەدی هێنانی ئەوەش، زێتر كاراو بە توانا بكرێ، بۆیە ئەم یاسایە دانرا.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی هەرێم
ســـەرۆك

## یاسای یەکێتیی دادوەرانی هەرێمی کوردستان- عیراق

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە برگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق ، لە دانیشتنی ژمارە (٢٠)ی رۆژی (٢٠٠٦/١١/١٤) ی خۆیدا،کردویەتی بریارماندا بە دەرکردنی:

# یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٦
# یاسای یەکێتیی دادوەرانی هەرێمی کوردستان- عیراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، لەم یاسایەدا، ماناکانی بەرامبەریانە:

**یەکەم- هەرێم**: هەرێمی کوردستان– عیراق.

**دووەم- یەکێتی**: یەکێتیی دادوەرانی هەرێمی کوردستان– عیراق.

**سێیەم- دەستەی گشتی**: دەسەلاتی باڵای یەکێتی یە کەیە، هەموو ئەو دادوەرە ئەندامانەی کە تێیدا تۆمارکراون دەگرێتەخۆ.

**چوارەم- ئەنجومەن**: ئەنجومەنی بەرێوەبردنی یەکێتییەکەیە.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــوردستان
www.mojkurdistan.com

## بەندی یەكەم
## دامەزراندن و ئاما نجەكان

**ماددەی دووەم:**

بەپێی ئەم یاسایە، یەكێتی یەكی پیشەیی سەربەخۆ بۆ دادوەران دادەمەزرێت، پێی دەگوترێ یەكێتیی دادوەرانی هەرێمی كوردستان وبارەگاكەی لە هەولێری پایتەخت دەبێ و، بۆی هەیە، لەهەر پارێزگایەكی هەرێم دا، لقێك بكاتەوە.

**ماددەی سێیەم:**

یەكێتی كە سایەتی یەكی یاسای یەو ، سەربەخۆییەكی دارایی و كارگێریی هەیە.

**ماددەی چوارەم:**

یەكێتی ئەم ئامانجانەی خوارەوەی هەیە.

**یەكەم:** سەروەرێتیی یاساو، سەربەخۆیی دادوەری، بەجۆرێ كە رێگە نەدرێت دەست لە كاروباری وەربدرێت.

**دووەم:** هەوڵدان بۆ دابینكردنی مافەكانی دادوەران.

**سێیەم:** پاراستنی ناوبانگ و پێگەی پیشەكە، بە جۆرێ كە لەگەڵ بنەمای سەربەخۆیی و دەست پاكیی دادوەری دا بگونجێ.

**چوارەم:** بەرزكردنەوەی ئاستی زانستیی دادوەران و، دنەدانیان لەسەر پێشكەش كردنی توێژینەوەی یاسایی و دادوەری و، كردنەوەی خولی راهێنان لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم دا كەبە شداریی تێدا بكەن.

**پێنجەم:** بەرزكردنەوەی ئاستی بژێویی دادوەران و، بایەخدانی تایبەت بە فەراهەمكردنی خزمەت گوزاریی تەندروستی و كۆمەڵایەتی بۆ خۆیان و خێزانیان، بەجۆرێ كە شایانی پێگەوجێگەیان بێت.

**شەشەم:** كە بچێتەپاڵ یەكێتیی نێودەوڵەتیی دادوەران یان هەر رێكخراوێكی هاوشێوەی دیكەو پێوەندییان لەگەڵدا توندوتۆڵ بكا، بەجۆرێ كە ئامانجەكانی یەكێتی وەدی بێنێ.

**حەوتەم:** دابین كردنی نوێترین شێواز و تەكنیك بۆ خزمەتی ڕەوشی دادپەروەری و گەیشتن بە كاروانی پەرەسەندووی دادوەریی جیهانی.

**هەشتەم:** هاوكاری لەگەڵ هەدوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێ بەجێ كردن لە هەرێم دا، بۆ پەرەپێدانی ڕەوشی دادوەری.

**نۆیەم:** كردنەوەی ناوەندگەلی رۆشنبیری و كۆمەڵایەتی بۆ دادوەران.

**دەیەم:** زامنكردنی رێز و پاراستنی ماف دەستوری و یاسایی هاووڵاتیان.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**یازدەم:** دەوڵەمەند كردنی هزری یاسایی و، بەشداری كردن لە پەرەپێدانی یاسادانان دا.

**دوازدەم:** پشتگیری دادوەران لە پیادەكردنی حوكمی یاساو بەجێ گەیاندنی ماف و دادپەروەری دا.

## بەندی دووەم

### یەکەم/ ئەندامێتی و پابەندییەکانی

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم:** ئەمانەی خوارەوە مەرجن بۆ ئەندامێتی لە یەکێتی دا:

أ- دەبێ دادوەربێ لە دادگاکانی هەرێم دا.

ب- داواکارییەك، بۆ هاتنە ڕیز، پێشکەش بە یەکێتی بکات.

**دووەم:**

أ- دەشێ، دادوەرە خانەنشینەکان وەك ئەندام لە یەکێتی یەکەدا وەربگیرێن.

ب- دەشێ دادوەرانی دادگاکانی دەرەوەی هەرێمیش، لە یەکێتی یەکەدا وەربگیرێن.

**ماددەی شەشەم:**

ئەندام، بەمانەی خوارەوە پابەند دەبێ:

**یەکەم:**ئابوونەی هاتنەڕیزو هاوبەشی بدات.

**دووەم:** پاراستنی هەیبەت و پێگەوجێگەی دادوەریەو، خۆبەدوورگرتن لە هەر ڕەفتارێ گومان لە سەر ڕاستی یەکەی بورووژێنێ.

**سێیەم:** لە چالاکی یەکانی یەکێتی یەکەدا بەشداربێ و لە کۆبوونەوەکانی دا ئامادەبێ و، پابەندی بڕیارەکانی بێت و، بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی کۆشش بکات.

### دووەم/ لەدەستدانی ئەندامێتی

**ماددەی حەوتەم:**

لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا، دادوەر ئەندامێتیی لەدەست دەدات:

**یەکەم:** ئەگەر مەرجێ، لەمەرجەکانی ئەندامێتیی لەدەست بدات.

**دووەم:** کاتێ پابەند نەبێ بە ئەرکەکانی ئەندامێتی یەکەی.

**سێیەم:** کاتێ دەست دەکێشێتەوە.

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## بەندی سێیەم
## پێكهاتە و ئەرك وفرمان

### یەكەم/ دەستەی گشتی

**ماددەی هەشتەم:**

**یەكـــەم:** دەسـتەی گـشتی بـە بـاڵاترین دەسـەڵاتی یـەكێتی یەكـە دادەنـرێ و، لـە سـەرجەم ئەندامـە تۆماركراوەكـان پێـك دێـت كـە پابەنـدبوونی خۆیـان بـەپێی ئـەم یاسـایە بـەجێ هێناوە،یەكـەم كۆنگرەی دامەزراندنیشی، دوای ( **شەست** ) رۆژ، لەرۆژی كارپێكردنی ئەم یاسایەوە، دەبەستێ بۆ ئیقراركردنی پێڕۆی ناوخۆی یەكێتی یەكەو هەڵبژاردنی ئەنجومەن.

**دووەم:** یەكێتی، بە بڕیاری ئەنجومەن و لەسەر بانگهێشتی سەرۆكی یەكێتی یەكە هەر سێ ساڵ جارێك، كۆنگرە خول بەخولەكانی خۆی دەبەستێ و، رێـژەی یاسـاییش (النـصاب)، بـە ئامـادە بـوونی زۆرینەی ئەندامانی دەستەی گشتی دێتەجێ. ئەگەر نەشهاتە جێ، ئەوە، لەوبارەدا، هەڵبژاردن، پاش **پازدە** رۆژ، لە رۆژی كۆبوونەوەی یەكەمەوە، لە هـەمان كـات و هـەمان شـوێن دا، ئـەنجام دەدرێت و، رێژەی یاساییش، بە ئامادەبوونی سێ یەكی ئەندامان، بەتەواو لەقەڵەم دەدرێ.

**ماددەی نۆیەم:**

دەستەی گشتی ئەمانەی خوارەوە دەگرێتە دەست:

**یەكەم:** گفتوگۆ لەسەر ڕاپۆرتی ئیداری و دارایی و ئەو ڕاپۆرتانەش دەكا، كە لە لیژنەكانی دیكەوە هاتوون و پەسندیان دەكا.

**دووەم:**دیاركردنی ئابوونەی ئەندامێتی و ئابوونەی هاوبەش بوونی ساڵانەی ئەندامەكان.

**سێیەم:** ئیقراركردنی هەمواركردنەكانی پێڕۆی ناوخۆو، پێشكەش كردنی پێشنیاز بۆ هەمواركردنی یاساكە.

**چوارەم:** هەڵبژاردنی ئەنجومەن.

### دووەم/ ئە نجومەن

**ماددەی دەیەم:**

**یەكەم:** ئەنجومەن، لە **حەوت** ئەندامی ئەسڵی و **دوو** ئەندامی یەدەك پێك دێت و، لە نێوانیان دا، سەرۆك و جێگرەكەی هەڵدە بژێردرێن و، خول بەخولیش، هەر دوومـانگ جارێك كۆدەبێتـەوە.سـەرۆك، بۆی هەیە، لەكاتی پێویست دا، بانگهێشتی بكات بۆ كۆبوونەوەی نائاسایی و، كۆبوونەوەكەش، بـە ئامـادەبوونی زۆرینـەی ئەندامـەكانی دەبەسـترێ و، بڕیارەكانیـشی بەزۆرینـەی ئەندامـە

ئــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

ئامادەبووەكانی وەردەگرێ و، لەكاتی یەكسان بوونی دەنگەكانیش، بەولایە دادێ كە سەرۆك دەنگی دەداتێ.

**دووەم:** سەرۆكی ئەنجومەن، مافی خۆكاندید كردنی بۆ زیاتر لە دوو خولی دوابە دوای یەكدا نی یە.

**سێیەم:** ئەگەر ئەندامی ئەنجومەن لە ئامادەبوونی سێ كۆبوونەوەی دوابەدوای یەك یان پێنج كۆبوونەوەی جیا جیادا، لە ماوەی ساڵێكدا، بەبێ پاساوێكی ڕەوا دواكەوت، بەدەست كێشاوە لە ئەنجومەن، دادەنرێ.

**ماددەی یازدەم:**

**یەكەم:** ئەنجومەن ئەم تایبەتكارییانەی خوارەوە دەگرێتە دەست:

أ- پێكهێنانی لیژنەكان و ناوزەدكردنی سەرۆكەكانیان.

ب- پەسندكردنی بوجەی ساڵانە.

ج- دەرچواندنی بڕیاری زەبتی و ڕەشكردنەوەی ناوی ئەندامەكان.

د- دامەزراندنی كارمەندان لە یەكێتی داو، دیاركردنی مووچەو، كۆتایی هێنان بە وەزیفەكانیان.

هـ- چوارچێوەی سەلاحیياتی خەرج، بۆ سەرۆك دادەنێ.

و- سەر پەرشتكردنی ئیش وكاری لقەكانی پارێزگاكان.

ز- پاراستنی موڵك وماڵی یەكێتی و، وەبەرهێنان و پەرەپێدانی.

**دووەم:** دەشێ، لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا، كە لە ڕۆژی دوای پێڕاگەیاندنەوە دەست پێ دەكا، لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمدا، تانە لە بڕیارە زەبتی یەكانی ئەنجومەن بدرێت. بڕیاری ئەم دادگایەش بنبڕە بێت.

**ماددەی دوازدەم:**

سەرۆكی ئەنجومەن ئەمانەی خوارەوە دەگرێتە دەست:

**یەكەم:** نوێنە رایەتی كردنی یەكێتی لەبەردەم دادگاكان و دایەرە فەرمی یەكان و لایەنەكانی دیكەدا.

**دووەم:** خەرج كردنی پارەی پێویست بۆ كاروباری یەكێتی، دوای ڕەزامەندیی ئەنجومەن.

**سێیەم:** سپاردنی هەندێ لە سەلاحیياتی خۆی بە جێگرەكەی.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

## سێیەم
## لقەکانی پارێزگاکان

**ماددەی سێزدەم:**

**یەکەم:** لیژنەی لق لە سەرۆك و دوو ئەندامی ئەسڵی وئەندامێکی یەدەگ پێك دێت، لە لایەن ئەندامانی لقەکەوە هەڵدەبژێردرێن.

**دووەم:** لق، بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی یەکێتی تێدەکۆشێ کە لەم یاسایەدا دەقەکانیان هاتووەو، لیژنەی لق، ساڵانە ڕاپۆرتێك لەبارەی ئیش وکاری لقەکەوە پێشکەش بە ئەنجومەن دەکات.

## بەندی چوارەم
## دارایی یەکێتی

**ماددەی چواردەم:**

دارایی یەکێتی پێك دێت لە:

**یەکەم:** ئابوونەی ئەندامێتی و هاوبەشێتیی ساڵانە.

**دووەم:** بەخششی تەرخان کراو لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە.

**سێیەم:** بەخشش و کۆمەکە ناوخۆی یەکان.

**چوارەم:** بەخشش و کۆمەکی دەرەکی، دوای ڕەزامەندیی حکومەتی هەرێم.

**ماددەی پازدەم:**

یەکێتی، لە بوجەیەکی ساڵانە، دارایی خۆی بەڕێوەدەبات، کە بەپێی سیستەمی ژمێریاریی دایەرە فەرمیەکان ڕێکدەخرێ و جێ بەجێ دەکرێ و، هەموو حساب و حساب کاری یەکیشی، لێوردبوونەوەی ریقابەی دارایی لەسەر دەبێت.

## بەندی پێنجەم
## حوکمە گواستەنییەکان

**ماددەی شازدەم:**

دەستەی گشتیی یەکێتی، بۆی هەیە، خۆحەزانە، دوای ڕەزامەندیی دوولە سێی ئەندامانی، یەکێتییەکە هەڵوەشێنێتەوە، ئەوساکە، موڵك وماڵی یەکێتییەکە، دەدرێت بە کۆمەڵەیەکی هاو شێوەی خۆی.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان

**ماددەی حەڤدەم:**

www.mojkurdistan.com

**يەكەم:** سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری بۆی هەیە، داوا لـە دادگـای بـەرایی جێگـای بارەگـای سـەرەكیی یەكێتی بكات، بەهەڵوە شاندنەوەی لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا:

أ– ئەگەر یەك سـاڵ بەسـەر دامەزرانـدنی یـەكێتی یەكـەدا تێپـەڕێ و دەسـتی بـە ئـیش وكـاری نەكردبێ وەك لە پێڕۆی ناوخۆی دا دەقەكانیان هاتووە، یان بـۆ هـەمان مـاوە لـەئیش وكـار دابڕابێ بەبێ هۆی پاساوداری بەجێ.

ب– ئەگەر لە چالاكیەكانیدا، لەو ئامانجانە لایـدابێ كـە دەقـەكانیان لـە مـاددەی چـوارەمی ئـەم یاسایەدا هاتوون.

**دووەم:** بڕیاری دادگای بەرایی، دەكرێ، لەبەردەمی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمدا، تانـەی لێ بـدرێ لـە ماوەی سی ڕۆژدا، لـەڕۆژی دەرچوونیەوە. بڕیاری دادگای پێداچوونەوەش، لەسـەر ئەوتانەیـە، بن بڕدەبێ.

**ماددەی هەژدەم:**

ئەنجومەن، بۆی هەیـە، ڕێنمـایی پێویست دەربـچوێنێ بـۆ بەئاسـانی جـێ بـەجێ كردنـی حوكمـەكانی ئـەم یاسایە.

**ماددەی نۆزدەم:**

هەر دەقێكی یاسا، یان بڕیار، لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ، كاری پێ ناكرێ.

**ماددەی بیستەم:**

پێویستە لە سەر وەزیرە پێوەندیدارەكان، فەرمانەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی بیست ویەكەم:**

ئەم یاسایە، لەڕۆژی دەرچواندنی یەوە جێ بەجێ دەكرێ و، لە ڕۆژنامەی فەرمی ( **وەقائعی كوردستان** )دا بڵاودەكرێتەوە.

**مەسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان-عیراق**

هەولێر
٢ / سەرماوەرز/ ٢٧٠٦ كوردی
( ٢١/ ١١/ ٢٠٠٦ ) ی زایینی
١/ ذي القعدة /١٤٢٧ ی كۆچی

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**یاسای یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان**

به پێی ئەو دەسەڵاتەی له بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ پێمان دراوەو، به پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق له دانیشتنی ژمارە (٢٢)ی رۆژی (٢٠٠٦/١١/٢٩) ی خۆیدا کردویەتی بریارماندا به دەرکردنی:

## یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی /٢٠٠٦
## یاسای یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان

### بەشی یەکەم
### دامەزراندن و ئامانجەکان

**ماددەی یەکەم:**

بەپێی ئەم یاسایە، یەکێتی یەکی سەربەخۆ، بۆ پەرلەمانتاران دادەمەزرێ، ناو دەنرێ **یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان** و، بارەگەکەی له هەولێری پایتەخت دا دەبێت و، بۆیشیی هەیە، لق له پارێزگاکانی هەرێم دا بکاتەوە.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان

**ماددەی دووەم:**

ئەم یەکێتییە، کەسایەتیی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و ئیداریی خۆی هەیە.

www.mojkurdistan.com

**ماددەی سێیەم:**

**یەکێتی ئەمانەی خوارەوە بە ئامانج دەگرێ:ـ**

**یەکەم:** کاربۆ بەکارخستنی شارەزایی یاسادانەری وفەرهەنگی وزانستی ئەندامانی یەکێتی دەکات بۆ دەڵەمەندکردنی ئەو پرۆژەو پێشنیازانەی کە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان دەکرێن وبەشداریش دەکەن لە پەرەپێدانی ئەو یاسایانەی لە هەرێمدا بەرکارن.

**دووەم:** ئامادەکاری ئەو توێژینەوەو لێکۆلینەوانەی بە کاری پەرلەمانیەوە پەیوەندارن.

**سێیەم:** بڵاوکردنەوەی ووشیاری و فەرهەنگی دیموکراسی پەرلەمانی و سەرەتاکانی ماف مرۆڤ.

**چوارەم:** کاربۆ چوونە پاڵی ئەو رێکخراوەو یەکێتیە نێودەوڵەتیانە دەکات کە ئامانجیان هاوشێوەی یەکێتیەکەیە.

**پێنجەم:** کاربۆ بەشداری کردن لە بوار وچالاکیە نێودەوڵەتیەکانی ئەو رێکخراوانە دەکات کە بە کاری پەرلەمانیەوە پەیوەندارن.

**شەشەم:** داکۆکی کردن لە مافەکانی گەلی کوردستان لە هەموو بوارە نیشتمانی ونێودەوڵەتیەکاندا.

**حەوتەم:** داکۆکی کردن لە مافەکانی ئەندامان وکارکردن بۆ دامەزراندنی ناوەندە کۆمەڵایەتی وفەرهەنگیەکان بۆیان.

**هەشتەم:** کاربۆ بەگەڕخستنی میکانزمەکانی داکۆکی لە مافە دەستوری ویاساییەکانی هاووڵاتیان دەکات.

## بەشی دووەم
## ئەندامێتی

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم:** مەرجی ئەندامێتی لەم یەکێتییەدا ئەوەیەکە:

١ـ هاووڵاتیی هەرێمی کوردستان بێت، یا نوێنەرایەتی هەرێم بکات لەو پەرلەمانانەی کە ئەم یاسایە دەیگرێتەوە.

٢ـ ئەندامی کار، یان لە خولێ لە خولەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراقدا دوای راپەرینەکەی ساڵی (١٩٩١) کاربکات.

٣ـ ئەندامی کار بێ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا، یان لە کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراقدا ئەندام بوو بێ، دوای ڕووخانی ڕژێمی لەناوچوو ساڵی ٢٠٠٣ ئەوانەی نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکەن.

ئــــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كوردستان
www.mojkurdistan.com

**دووەم:** ئەندامی یەکێتی، ئەندامییەتی خۆی لەم بارانەی خوارەوەدا لە دەست دەدات:

١ـ ئەگەر دەست لە ئەندامێتیی خۆی هەڵبگرێ و، دەستەی ئیداری لێی قبوولّ کرد بێ.

٢ـ بە تاوانێکی (جەریمەیەکی) شەرەفنەنگێن حوکم بدرێ.

٣ـ ئەگەر لە کارێکی پێچەوانەی ئامانجەکانی یەکێتییەکەوە گلابێ و، لە سەرئەوە، بە بڕیاری دەستەی گشتی، لە ئەندامێتیی یەکێتییەکە دەرکرا بێ.

٤– مردن.

## بەشی سێیەم
## دەستەی گشتی وئەرکەکانی

**ماددەی پێنجەم:**

دەستەی گشتی لە هەموو ئەو ئەندامانە پێك دێ کە پابەندیی خۆیان بەجێ گەیاندووە.

**ماددەی شەشەم:**

**دەستەی گشتی، هەردوو ساڵ جارێ بۆ وەدیهێنانی ئەوەی خوارەوە کۆ دەبێتەوە:ـ**

**یەکەم** : هەڵبژاردنی دەستەی ئیداریی یەکێتی کۆدەبێتەوەو، بە دەنگدانی نهێنی وراستەوخۆو، بەزۆرینەی ئامادە بووان، حەوت ئەندامی ئەسڵی و دوو ئەندامی یەدەگ بۆ دەستەکە هەڵدەبژێرێ.

**دووەم** : تاووتوێ کردنی کاروبارەکانی دەستەی ئیداری.

**سێیەم** : پەسندکردنی بودجەی ساڵانەی یەکێتی کە لەلایەن دەستەی ئیدارییەوە ئامادە کراوە.

**چوارەم:** چاوخشاندنەوە بە کاروباری یەکێتی وئیقرارکردنی ئەو پێشنیارانەی کە بۆ هەموارکردنی یاساکە پێشکەشی کراون.

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم:** دەستەی گشتی، لە یەکێ لەم بارانەی خوارەوەدا، کۆبوونەوەیەکی نائاسایی سازدەدا:

١ـ بە بڕیاری دەستەی ئیداری.

٢ـ کە (سێیەکی) ئەندامانی دەستەی گشتی، داواکارییەك بدەنە دەستەی ئیداری.

**دووەم:**

١ – بابەتی کۆبوونەوەکە دیار دەکرێ و، ناشێ لە بەرنامە دیار کراوەکەی بترازێ.

٢ – بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکانی دەستەی گشتی (رێژەی) یاسایی دێتەجێ.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان

**ماددەی هەشتەم:**

www.mojkurdistan.com

دەستەی ئیداری، لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا کە لە ماوەی هەفتەیەکی دوای هەڵبژاردنەکەیدا، سازی دەدا، سەرۆکێك و جێگری سەرۆك و بەرپرسێکی دارایی لە نێو ئەندامانی خۆیدا هەڵدەبژێرێ.

**ماددەی نۆیەم:**

**دەستەی ئیداری ئەم ئیش و کارانە دەکات:**

**یەکەم:** داواکانی بە ئەندام بوون بۆ یەکێتی قبولْ دەکا، یان رەتی دەکاتەوە. هەر کەسێکییش داواکەی قبولْ نەکرا بێ، بۆی هەیە، لە ماوەی(٣٠) سیی رۆژ لە رۆژی دەرچوونی بریاری قبوڵنەکردنەکەوەی، لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان تانە لە بڕیارەکە بدات. بڕیاری ئەم دادگایەش کە دوای ئەو تانەلێدانە دەردەچێ، بڕیارێکی بنبڕە.

**دووەم:** پارێزگاری لە سامانی یەکێتییەکە دەکاو، وەدەستیان دێنێ و، لە دارایی بەردەست، خەرجی پێویست ئیقرار دەکاو، بە بڕیاری دەستەی ئیدارییش نەبێ، ناشێ دەستکاریی سامانی یەکێتییەکە بکرێ.

**سێیەم:** راپۆرتی ساڵانە، لەبارەی بزاڤی یەکێتی و ئیش و کاری یەکێتییەوە ئامادە دەکات.

## بەشی چوارەم
## کاروباری ئیداری

**ماددەی دەیەم:**

**یەکەم:** سەرۆکی یەکێتی یەکە، ئەم ئەرك وفرمانانەی خوارەوە، مومارەسە دەکا:

١ـ سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەکانی دەستەی ئیداری دەکاو، ئەگەر خۆیشی لەوێ نەبێ، جێگرەکەی نوێنەرایەتیی دەکا.

٢ـ خۆی، یان کەسێکی دی رادەسپێرێ، نوێنەرایەتیی یەکێتییەکە لە بەردەمی دادوەری و لایەنەکانی دیکەدا بکات.

٣ـ مومارەسەی هەموو ئەو سەلاحیاتانە دەکا، کە دەستەی گشتی پێی داوە.

٤ـ موستەنەدی پارەدان و (صکوك)و رەشنووسی دانیشتنەکان و نامەونامەکارییەکانی یەکێتییەکە واژوو دەکات.

٥ـ سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی دەکا.

**دووەم:** بەرپرسی دارایی، ئەرکوفرمانی دارایی یەکێتییەکە، لە ئەستۆ دەگرێ و، سەرپەرشتیی تۆمار راگرتن (مسك السجلات) دەکاو، لەگەڵ سەرۆکی یەکێتییەکەشدا، (صكوك) و سەنەدەکان واژوو دەکات.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان

## بەشی پێنجەم

www.mojkurdistan.com

## دارایی یەکێتییەکە

**ماددەی یانزدەهەم:**

**دارایی یەکێتییەکە لەمانەی خوارەوە پێك دێت:**

**یەکەم:** ئابوونەی سالآنەی ئەندامەکان.

**دووەم:** بەخششەکانی پەرلەمانی کوردستانی عیراق و حکومەتی هەرێمی کورستان.

**سێیەم:** خەلآت و پیتاك (الهبه والتبرعات).

**چوارەم:** قازانجی چاپەمەنییەکانی یەکێتییەکە.

## بەشی شەشەم
## حوکمە کۆتاییيە گشتی یەکان

**ماددەی دوانزدەهەم:**

**یەکەم:** لە حاڵەتی هەڵوەشانەوەی یەکێتییەکەدا، ئەموالی یەکێتییەکە، دەچێتە سەر ئەموالی نزیکترین یەکێتی، ئامانجەکانی لەگەڵیدا هاوشێوە بن.

